کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-7-2007 15:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەڵچونی دەسەڵاتدار لە ڕەخنە ... کاکۆ عبدوللا**



دیارە ڕەخنە گرتن لە کارو هەڵوێستی هەڵەی بەرامبەر دەگیری ئینجا تاك بێت یا کۆمەڵ یا دەسەڵات... تد. بێگومان ڕەخنەی تەندروست و بنیاتنەر بە مانای دڵسۆزی دێت، وە ڕەخنە گرتن بە شێوەیەکی زانستی خەڵك و وڵاتیش بەرەو پێش دەبات و زۆر شتی جوان لە ڕەخنەوە دروست دەبێت، چونکە ئەوەی ڕەخنە دەگرێت دیارە مەبەستی بەخۆداچونەوەو چاککردنی هەڵەکانی ئەوەی بەرامبەریتی ئەگەرنا عیلاقەی نیەو ڕەزای خۆشی بەرامبەری قورس ناکات.

لێرەدا پێویستە ڕەخنە لە توانج و بەناشیرن باسکردنی هەڵەکان لەم لاو لەولا تەنها بەمەبەستی شکاندنی ئەوەی بەرامبەر جیا بکەینەوە.

بێگومان هەمو خەڵکێکی سادە یا دەسەڵاتدار تەنانەت خەڵك و گروپە توندڕەوەکانیش کە کارێك ئەنجام دەدەن (بەدەر لەوانەی هەر لەئەزەلەوە نەخۆشی خراپەکاریان هەیە یا ئەنجامدەرانی هەر کارێك لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی) لە لایەن خۆیانەوە بەمەبەستی خراپە کاری نایکەن، بەڵکو لەپێناو ئامانجێکەوە کە بڕوایان پێی هەیەو لەلایەن خۆشیان بەباشی دەزانن بۆیە بەئەنجامی دەگەیەنن، بەڵام لێرە گرنگ ئەنجامدەرانی کارەکان نین کە چۆن کارەکانیان هەڵ دەسەنگێنن، بەڵکو زۆرینەی خەڵکە کە چۆن سەیری کارەکە دەکەن و بەباش یا بەخراپ لە قەڵەمی دەدەن.

بە بڕوای من دەسەڵاتی هەر وڵاتێك بە تایبەتی لەو سەردەمەدا هەرچەندە مەیلی شۆڤینیەت و دکتاتۆریەتیشی تێدابێت ئەگەر سەرنجی دەستوری وڵاتەکەی یا پەیڕەوی ناوخۆی حیزبە دەسەلاتدارەکە بکەیت دەبینیت کۆمەلێك ئامانج و شتی زۆر جوانی بۆ خزمەتکردنی خەڵك تێداییەو هەرگیز ئامانجی لە دەسەڵات چەوساندنەوەی میللەتەکەی نیە بەڵام لە کاتی جی بە جێکردنی کارەکان توشی هەڵە دەبێت و ئسلوبی کارکردنی بەم شێوەیەیە، دەسەڵات هەبوە ڕەنگە ئێستاش هەبێت بەشێکی میللەتی خۆی کردۆتە قوربانی بەشێکی تری، بە بڕوای خۆی ئامانج بۆبەرژەوەندی ولاتەکەی ئەمەی کردوە، کەچی ڕێگای گونجاو تر هەبوە پەیڕەوی بکات بۆ بەرەو پێشبردنی وڵات بەڵام چونکە ئامادە نەبوە گوی لە ڕەخنەو بیرو بۆچونی خەڵك بگرێت بۆیە ڕوبەڕوی ئەم هەڵەی گەورەیە بۆتەوە.

بۆیە ڕەخنەگرتن پێویستیەکی ژیانەو وڵاتێکی تەندروست و کامل بنیات دەنی، هەر وڵاتێك تەماشاکەری ڕەخنەگری نەبو کەواتە میللەتێکی نەخۆش ولاوازو بیرو هۆش داخراوی هەیە و پێشکەوتنی ئەم وڵاتەش ئەستەمە.

دیارە ئەم دەسەڵاتەی وڵاتی ئێمەش وەکو زۆربەی دەسەڵاتەکانی جیهان بەدەر نیە لە هەڵە، هەرچەندە ئەم هەڵانەش لە پێناو هەڵەوە ناکری، بەڵام هەڵە گەورەکە لەوەدایە کە سنگی ئەو حوکمەتەی ئێمە فراوان نیە و سەرگران دەبێت بە ڕەخنە، کەچی تائاستێك بەرپەرچدانەوەی توندی نیە بەرامبەر ڕەخنەگران، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئامادەیی تەواوی تێدانیە ڕەخنە ڕەواکان بەهەند هەڵبگری و هەوڵ بۆ چاککردنی هەڵەکانی بدات لەگەڵ ئەم هەمو ڕەخنە زۆر و ئامانج بەخشانەی کە ڕۆژانە لە ئەدائی حکومەت دەگیری.

بۆ نمونە قسەو باسی یەکجار زۆر کراوە لە لایەن زانایان و شارەزایانی خۆمان و دەرەوە لە بواری پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەی خۆمان، وەلەم دواییەدا ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل لە لایەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕێکخراوێکی ناسراوی جیاهانیەوە لەسەر هەمان بابەت بڵاو کرایەوە، پاشانیش هاوڵاتیەکی دڵسوتاو بە وڵاتەکەی بۆ زیاتر ئاگادار کردنەوەو بە هەند هەڵگرتنی بابەتەکە لە لایەن دەسەڵاتدارانی خۆمان، هەڵیدایەو ڕەخنەی لە دەزگا پەیوەندی دارەکان گرت و ڕاپۆرتەکەی بە زەنگی ئاگادارکردنەوەی وەسف کرد، کەچی دەبوایە ڕێکخراوەکەو بەتایبەتی ئەم هاوڵاتیەی خۆشمان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە سوپاس و دەست خۆشیان لێ بکراباو داوای یارمەتی و ڕێگا چارەیان لی بکرابا، بەڵام بەداخەوە بەجۆرێکی تر ڕەفتاریان لەگەڵ کراو ڕەخنەکانیان بە دەست تێوەردان لە کارو باری حکومەت لە قەڵەم دا.

لەمەش سەیرتر جگە لە دەسەڵارەکان دیارە یەکێکی تریش بە زنگی ئاگادار کردنەوەی ئەم هاوڵاتیە دڵسۆزە پەست بووە باس لەوە دەکا کە خاوەن ووتەی زەنگی ئاگاداری لە کاتی خۆی کە دەسەڵاتی لەدەست بوە لە بەشێکی ئەم هەرێمە ئەمیش بە هەمان شێوە پەیڕەوی مافی مرۆڤی نەکردوە کەچی ئێستا ڕەخنە دەگری.

منیش لەلای خۆمەوە بەو برادەرە دەڵێم قەیناکا ئەگەر لایەنی پەیوەندی دار بەم ڕەخنەیە سەرگران بێت چونکە خاوەن شەئنەو ڕەخنەکە ئاراستەی ئەو کراوە بەڵام تۆ بۆ؟ ئەگەر مەبەستت ڕەخنەی بنیاتنەرە دەبوایە کاتی کە ئەو لە دەسەڵات بو ئەو ڕەخنەیەت ئاراستە بکردایە بەڵام ئەوەی ئێستات دەکاتە شکاندنی ئەو کەسە، یا با والێکی بدەینەوەکە ئەو لێپرسراوەی پێشتر ئەگەر لەبەر لاوازی کەسەکە یاخود زەمەنەکە یا هەر هۆیەکی تر پێشێلی مافی مرۆڤی کردوە، ئی با ئەوانەی پاش ئەو ئەو جوامێریە بنوێنن ولە هەڵەکانی پێش خۆیان دەرس وەرگرن و ڕاستی بکەنەوە، ئی خۆ جیهان بەرەو پێش و زەمەنیش لەگۆران کاریدایەو کەش و هەوایەکی ڕەخساویش هەیە بۆ بەخۆداچونەوەو ئەنجامدانی کارو هەنگاوی جددی بۆ بە مۆدێرن کردنی گەڵ و نیشتیمانەکەمان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.